دوو کرێکاری چینی گیانیان لەدەستدا بەهۆی کۆتنە خوارەوەیان لە باڵەخانەیەکی بەرز لە بەسرە

دوو کرێکاری چینی تازە هێنی گیانیان لەدەستدا بەهۆی کۆتنە خوارەوەیان لە باڵەخانەیەکی بەرز لە پرۆژەیەکی نەوت لە پارێزگای بەسرەی باشوری عێراق.

سەرچاوەیەک لە پارێزگای بەسرە لەم بارەیەوە ڕایگەیاند، کە کرێکارێک لە پستی ئەندازیار و یەکێکی دیکە وەک یاریدەدەر لە پرۆژەی کۆمپانیای نەوتی چینی (CEPAC) لە یەکێک لە شوێنە بەرزەکانی پرۆژەکە و لە کاتی کارکردندا کۆتە خوارەوە، ئەمەش بووە هۆی مردنی دەستبەجێیان و هەردوو تەرمەکان گواستراونەتەوە بۆ بەشی پزیشکی یاسایی لە ناوچەی زوبەیر لە باکوری پارێزگاکە بۆ تەواوکردنی پرسە یاساییەکانیان و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لە هۆوداوەکە.